# ئایین و مرۆڤ... ویست و ئازادی

**نوری بێخاڵی**

جوانترین شتێك كه مرۆڤ له ژیان و مامه‌ڵه‌ی ڕۆژانه‌یدا له ته‌ك ئه‌وانیتری ده‌وروبه‌ری په‌یڕه‌وی بكات، ڕێزگرتنی به‌رامبه‌ر و قبوڵكردنیه‌تی به كۆی جیاوازییه‌كانی، ترسناكترینشی له‌و پڕۆسه‌یه‌دا به‌هه‌ڵه خوێندنه‌وه و سڕینه‌وه‌ی هه‌مان ئه‌و به‌رامبه‌ره‌یه.

ئاساییه من وتۆ، ئه‌م و ئه‌و، هاوڕا نه‌بین و له‌سه‌ر هه‌ر پرس و دیارده و ده‌ركه‌وته‌یه‌ك نه‌ك هه‌ر خوێندنه‌وه و تێگه‌یشتنی جیاوازمان هه‌بێت، ته‌نانه‌ت حاڵه‌تێكی زۆر ته‌ندروست و سروشتیشه كاتێك له‌سه‌ر دیدو بۆچوونی یه‌كتری قسه بكه‌ین و ره‌خنه بگرین، به‌ڵام حاڵه‌تی ناته‌ندروست و نه‌خۆش ئه‌وه‌یه، كه له‌سه‌ر حسابی دونیابینی و روانینی خۆمان كۆی شته‌كانی به‌رامبه‌ر ره‌ت بكه‌ینه‌وه و سه‌رجه‌می راستییه‌كان لای خۆمان گل بده‌ینه‌وه و پێمان وابێت به‌ته‌نیا خۆمان خاوه‌نی ره‌های یه‌كه‌م و دواهه‌مین راستییه‌كانی ژیان و بوونین. ترسناكتریش له هه‌موو ئه‌مانه ئه‌وه‌یه، كاتێ لۆژیكی خوێندنه‌وه‌ی به‌رامبه‌رمان نه‌بێت و نه‌مانتوانی له ته‌كیدا پردێكی گفتوگۆی شارستانی دروست بكه‌ین، ئیدی ره‌وایی بده‌ینه خۆمان و ناچار له‌به‌ر بێ تیفاقی و هه‌ناسه‌سواری و بێ سه‌وادیمان، له‌سه‌ر پێستی كه‌سایه‌تی و رووشاندنی بوون و به‌های مرۆییانه‌ی به‌رامبه‌ره‌كه‌ماندا دوا بزمار له تابووتی وتووێژ و یه‌كتری خوێندنه‌وه بده‌ین.

من به‌رده‌وام باوه‌ڕێكی نه‌گۆڕم به‌و كۆنسێپته هه‌یه، كه ده‌ڵێ پێویسته هه‌ر كه‌سێك به‌ڕێگای خۆی بچێته به‌هه‌شت، به‌مانایه‌كی تر ئه‌و پره‌نسیپه‌ی كه مرۆڤ تا ئه‌وپه‌ڕی ئازاده له ئینتیماكردن و نه‌كردنی، باوه‌ڕبوون و نه‌بوونی به ئایین، جا هه‌ر ئایینێك بێت، هه‌ر ناچار كردنێكی ئه‌و كه‌سه و هه‌ر جۆره فشاركردن و هه‌ژموون كردنه سه‌ری، به‌وه‌ی كۆیله‌ی میراتی پێش خۆی بێت و نائاگایانه بخرێته نێو پرۆسه‌ی به پیرۆزكردنی ئایین و كه‌سایه‌تییه‌ك، ئه‌وا ئه‌م شته ته‌واو به مانای كوشتنی كه‌سایه‌تی و به‌های مرۆیی ئه‌و كه‌سه دێت، به‌ڵام ئه‌مه‌ش هه‌رگیز به‌ومانایه نیه، كه ئه‌و كه‌سه پێی وابێت ئه‌وانه‌ی باوه‌ڕیان به ئایین هه‌یه و له نێو پرۆسه‌ی په‌رستندان، مافی به‌رخوردبوون له‌و ئازادییه‌ی خۆیانیان نیه، به پێچه‌وانه‌وه، چۆن بۆ من ڕه‌وابێت بڕوام به ئینتمای ئایینی نه‌بێت، ئاواش مافی كه‌سێكی تره و به گوێره‌ی تێگه‌یشتنی خۆی بۆ بوون و ژیان، ئایین په‌رست بێت، وه‌ك چۆن مافی كه‌سی ئایینداریش نیه به ویستی خۆی حوكمی ره‌ها به‌سه‌ر من و ئه‌وانیتردا بسه‌پێنێ، كه بچینه ژێر باڵی دونیابینی ئه‌و، ئه‌گینا گومڕا و زیندیق و مولحید و مورته‌دین.

ده‌ڵێن مرۆۆڤ به ئازادی له دایك ده‌بێت، ئه‌گه‌رچی ئه‌و له‌دایك بوونه‌یشی له ده‌ره‌وه‌ی ویست و ئیراده‌ی خۆیه‌تی، كه‌وابێت وه‌ك چۆن به ئازادی له دایكبووه، باوه‌ڕی ته‌واویشم به‌وه هه‌یه، كه ده‌بێ ئازادبێت له هه‌ڵبژاردنی ئینتماكانی خۆی و به‌تایبه‌تیش ئایینی، راسته له كۆمه‌ڵگا نه‌ریتگه‌را و باوه‌ڕ سالارییه‌كاندا مرۆڤ بێ ده‌ستی خۆی و به‌ناچاری ده‌خرێته چوارچێوه‌ی ئینتمای ئایینی، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ش كه تا ئه‌م چركه‌یه‌ش ئه‌و مرۆڤه له‌سای ئه‌و كۆمه‌ڵگا داخراوه خاوه‌ن دونیابینییه تاك ره‌هه‌ند و ره‌هایانه‌دا ئازاد نیه، به‌ڵام ده‌بێت ئه‌و ڕۆژه هه‌ر بێت، كه ئه‌و مافه سه‌ره‌تایی و سروشتییه‌ی مرۆڤ بۆی بگه‌ڕێته‌وه، كه كوردستان به‌شێكی نێو هاوكێشه‌كه‌یه، گومانیشی تێدا نیه ئه‌و پرسی گه‌ڕاندنه‌وه‌ی ئازادییه‌ش هه‌وڵ و خه‌بات و ره‌نگه خوێنیشی بوێت، واته پێویسته ئه‌و ڕۆژه بێت مرۆڤی ئێره و ئه‌م جوگرافیا به‌ڵا لێدراو و كۆتكراوه‌ی حوكمه ره‌هاكان، به ویست و ئیراده و ته‌واوی ئازادی خۆی ئینتمای ئایینی خۆی بۆ( ئیسلام، مه‌سیحی، یه‌هودی...هتد) ده‌سنیشان بكات، یان نه‌چێته ژێر سێبه‌ری هیچ كامێكیان.

تۆ كه ئیسلام بوون بۆ خۆت به‌گه‌وره‌یی و سه‌روه‌ری ده‌زانیت، ده‌بێ ڕێز له ئیراده و ویستی ئه‌وانه‌ش بگریت، كه ئایینی

تۆیان قبولْ نیه، نەك بەمانای رەتكردنەوەی تۆ و بیرو راكانت و دژایەتیكردنیان، بەڵكو بەو واتایەی ئاساییە وەك تۆ ئەوانیش ئازادن لەوەی نەچنە ژێر بڕواكانی ئیسلام (بەوانەیش كە هاوخوێن و رەگەز و زمانتن)، ئەوە مافێكی رەوای خۆیانە لە نێوان ئایینەكان و تەنانەت بێ ئایینیشدا سەر پشك بن. ئیدی پێویست دەكات هەمووومان دەستبەرداری ئەو بیركردنەوە سەقەت و روانینە تەسك و دونیابینییە رەهایەی خۆمان بین، كە لەسەر ئەو پرەنسیپە بیناكراوە، كە دەڵێ ئەوەی لەگەڵم نەبێت دژ و دوژمنمە. بە مانایەكی روونتر، دەبێ فێری ئەوە بین وەك چۆن بۆ كەسانێك (زۆر گوتن قورئان خۆشە)، ئاواش مافی رەوای خەڵكانێكی ترە، كە بۆ ئەوانیش (زۆر گوتن گۆرانی خۆش بێت)، بۆیە و هەر لەم دیدگایەوە پێویستە كۆمەڵگای كوردی بە كۆی كایە و تاكەكانمانەوە بە سەرجەمی سیستەمی بیركردنەوەمان دابچینەوە و بگەینە ئەو بڕوایەی، مەرج نیە ئەوەی لای تۆ حەڵاڵ و حەرامە، بەسەر خەڵكی دیكەدا بیسەپێنی.

ئەگەر تۆ ئاسودەیی لە كونجی مزگەوتدا دەبینی، ئەو دڵنیایی لە سوچی یانەیەكدا بەدی دەكات... ئەگەر تۆ بە زیكر و تەهلیل گیانت ئۆقرە دەگرێت، ئەو بەسەمای بەژن زراڤێك و شیعرێكی تەڕ گیانی ئاو دەخواتەوە... ئەگەر تۆ لە توێی وەعزی پیاوێكی ئایینیدا ڕۆشنایی ڕێگا دەدۆزێتەوە، ئەو لە سێبەری كتێبەكاندا بەدوای تروسكاییەكانی ژیان دەگەڕێت... ئەگەر تۆ لە نێو دێری پەرتوكە پیرۆزەكان و لە بەرامبەر روگەی پەرستگاكەتدا بەدوای راستییەكان وێڵی، ئەو لە نێو پێچەكانی گوماندا شوێنپێی بوون و چارەنووسی خۆی دەپشكنێ... ئەگەر و ئەگەر و ئەگەر......

گرنگ هەردووكتان مافی رەوای خۆتانە و هیچ كامتان لەویتر مرۆڤتر و بالآتر نین، هەردوو لاتان پێویستە ئازاد بن لە بیركردنەوە و شێوازی ژیان، بەڵام وەختێ یەكێكتان هێڵێكی راست و چەپی رەش بەسەر ئەوی تردا بێنێ و بوارێك بۆ وتووێژ نەهێڵێتەوە و سوربێت لەسەر خاوەنداری كۆی حەقیقەتەكان و بە ڕەهایی و پێشوەختە بڕیار و حوكمەكانی بەسەر ئەوی دیكەدا ببەشێتەوە، دەبێ ئەو كەسە گومان نەك تەنها لە خۆی بكات، بگرە لە سێبەری خۆیشی بكات و بزانێت خودی ئەو سروشت و بونیاد و پێكهاتەی خۆی و ئەو شتەی باوەڕی پێی هەیە و وەكو رێبازی ژیانی خۆی دیاریكردووە، نقومی تاریكی و گومڕایی و جەهلن.